گوڵان عەبدوڵلا:
یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی وەرزشیی پێشمەرگە

# زیاتر گرنگی به وەرزشی کوڕان دراوه و کچان پشتگوێ خراون

شاری رانیەی دەروازەی راپەڕین یەکێکە لەو شارانەی باشووری کوردستان کە خاوەنی کۆمەڵێک کچە یاریزانی بەتوانایە لە یاری باڵەو جێگای دەستیان دیارە لەیانەکانی کوردستان کە بەردەوام ئاستی بەرزیان پێشکەش کردووە لە پاڵەوانیەتییەکان و یەکێک لەو کچانە یاریزانانەش گوڵان عەبدوڵڵا-یە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ی قەزای رانیەیەو دەرچووی پەیمانگای وەرزشییەو لە سەر ئاستی کوردستان خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی. ئەو جگە لە یاری باڵە پێشتریش یاری تۆپی پێی کردووە و ئەنجامی گەورەی بەدەستهێناوەو پێشتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی سلێمانی و رانیە و چوارقوڕنە و سیروانی نوێ یاری کردووە، ئێستا یاریزانی تیپی باڵەی پێشمەرگەیە، ئێمەش بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشی چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کردو ئەوەیش بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.



*** ئاستی یاری باڵەی لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

-بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی پێویستە بۆ کچان و کوڕان، یانەکانیش تیپی بەهێزیان هەیە لە هەردوو ئاستدا، هەشت تیپ لە پاڵەوانیەتی عێراق و کوردستان پێشبڕکێ دەکەن، ئەمەش دڵخۆشکەرە کە لە چاو ساڵانی پێشوو گۆڕانکارییەکی باشی بەخۆیەوە بینیوە.

*** ئەی لەسەر ئاستی عێراق چۆنی دەبینی کە تۆ لە هەردوو خول بەشداری؟**

- لەسەر ئاستی عێراق تیپی کوڕان باشتر گرنگی پێ دەدرێت لەچاو کچان، چونکە عێراق تیپی کچانی باش نییە و هەموو ساڵێك نازناوەکە بۆ تیپە کوردییەکانی کچانە.

*** بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت؟**

-پێویستە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان گرنگییەکی باشتر بەم یارییە بدرێت و پێداویستی تەواوی بۆ دابین بکرێ، جگە لەمەش هێنانی راهێنەری پرۆفیشناڵ و پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و کەموکورتییانەی لەم یارییەدا بوونی هەیە، پێویستە بایەخی زیاتری پێبدرێ.

*** بۆچی لە شاری رانیە وەرزش ناکەی کە شارەکەی خۆتە و رووت لە سلێمانی کردووە؟**

- لە شاری رانیە درێخیم نەکردووە و خزمەتێکی باشم بەم شارە کردووە، تامردنیش قەرزداری ئەم شارەم، چونکە سەرەتای وێستگەی ژیانی وەرزشیم لە رانیە بووە، بەڵام منیش وەکو هەر وەرزشکارێکی دیکە ژیانم لە گۆڕاندا بووە بەهۆی ئەوەی ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە لە سلێمانی، بۆیە ئێستا لە شاری سلێمانی دەژیم و خزمەت بە وەرزشیی کوردستان دەکەم.

*** ئامانجت لە هەڵبژاردنی یانەی پێشمەرگە چی بوو؟**

-یەکەم ئامانج بەهۆی ئەوەی وەکو کچێکی وەرزشیی ئاستم بە باشی دەبینراو داواکرام لە یانەکە، ئامانجی دووەمیشم پێشمەرگە یانەیەکی دیارە لەسەر ئاستی کوردستان یاریکردن لە یانەیەکی وا دیار، دڵخۆشم دەکات و ئاست و پێگەو ماندووبوونی من لە یانەیەکی وا زیاتر لەبەر چاو دەگیرێت.

*** کێشەو گرفتتان لە یاری باڵە چییە؟**

-کێشەی ئێمە لە یاری باڵەدا تەنیا پشتگوێ خستنی ئەم یارییە، چونکە لە ئاستی کچان بە تایبەت پشتگوێ خراون و گرنگی زیاتر بە تۆپی پێی کوڕان دەدرێت ئەمەش بێ هیوایی درووست دەکات لەلایەن یاریزانانی باڵەی کچان.

*** بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە بەرەوپاشچووندایە؟**

- لەبەر ئەوەی تا ئێستا راهێنەری بەتوانامان نییە، ئەگەر هەشبێ زۆر کەمە، یەکێکی تریش لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ئەم یارییە پێویستە لە منداڵییەوە یاریزانی بۆ دروست بکرێ، بەڵام تا ئێستا هەوڵ نەدراوە، ماوەیەکی کورتە فێرگەیەك لە پێشمەرگەی سلێمانی کراوەتەوە بە هیوام سوودی بۆ یاری باڵە هەبێت بەتایبەت لە شاری سلێمانی.

*** هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك لەم یارییە؟**

- بەم هیوایەم ئەوەی لە توانامدا هەیە پێشکەشی بکەم لەگەڵ هاوسەری ئازیزم کە ئەویش چەند ساڵێك یاریزان بووەو ئێستا وەك راهێنەر بەردەوامە، بەهیوام خزمەتێکی باشی وەرزشیی کوردستان بکەین.

*** دەستەی کارگێڕیی یانەکەتان تاچەند هاوکارتانن؟**

-بە دڵنیاییەوە هاوکاری دەکرێین و درێخییان نەکردووە، بەڵام بەهۆی ئەم قەیرانە داراییە کە هەموو یانەکانی گرتۆتەوە، یانەی ئێمەش بێبەری نەبووە بۆیە کەموکورتی هەر دەبێت.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

-لە هەوڵدان ناوەستم تا دەگەم بەو ئاستەی خۆم دەمەوێ ئەویش هەوڵدان و ماندووبوونی زیاتری دەوێت.

*** پەیامت بۆ بە رپرسانی وەرزشی چییە؟**

- پێیان دەڵێم لە ئیش وکاری خۆیان کەمتەرخەمی نەکەن و زیاتر برەو بە وەرزشی کوردستان بدەن و پێوەندی باش درووست بکەن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە تا سوودی بۆ وەرزشیی کوردستان هەبێت.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داوا نەکراوی؟**

-وەکو یاری باڵە نەخێر، بەڵام لە تۆپی پێی زیاتر لە جارێك داواکراوم، ئەمەش دڵخۆشم دەکات کە ئاستێکی باشم هەیە.

*** هەوڵت نەداوە تۆتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە لە شاری رانیە؟**

-بیرۆکەیەکی جوانە، بەڵام جارێ خۆم بەردەوامم لە یاریکردن و لە داهاتوودا بریار دەدەم و ئەوەشی لە توانامدابێت دیکەم بۆ ئەو شارە، چونکە خزمەتی زۆری بە من کردووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە لەسەرەتای چوونم بۆ ناو بواری وەرزش تا ئێستا هاوکارم بوون، بە تایبەت خانەوادەکەم و هاوسەری خۆشەویستم، زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم کە هەموو کات پێشەنگ بووە لە ناساندنی وەرزشکاران لە شارەکانی کوردستان.

دیمانە: کارزان کانەبی

# ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی زانیارییەکی سەیر لەسەر ڕیـ

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی نزیک لە یانەی شاهانە زانیارییەکی سەیر لەسەر هەژمارکردنی لێدانە سزاکان بۆ یانەی ریاڵ مەدرید بڵاودەکاتەوە.
لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی (مارکا)ی ئیسپانی ئاشکرای کردووە، کە یانەی ریاڵ مەدرید بەوە ناسراوە پەناڵتی زۆری بۆ هەژمار دەکرێت، لە دوای یاری کۆتایی پارساڵی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەرانبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید، تا ئێستا





## پیکێ دان بە نهێنییەکی ٢٠١٤دا دەنێت

جیرارد پیکێ بەرگریکاری یانەی بەرشلۆنە دان بەوەدا دەنێت لە ساڵی ٢٠١٤ نزیک بووە لەوەی واز لە یاریکردن بهێنێت.
لەو ساڵەدا بارسا بە ساتەوەختێکی سەختدا تێدەپەڕی.
خول و چامپیۆنزلیگی لەدەستدا لەسەر دەستی ئەتلەتیکۆ مەدرید، هەڵبژاردەی ئیسپانیاش ئاستێکی خراپی لە جامی جیهانی نیشاندا.
پیکێی ٢٩ ساڵ پێش یارییەکەی مانچستەر ستی گوتی: هاندان هەموو شتێکە لە یاریدا، نزیک بووم لەوەی واز لە یاریکردن بهێنم لە ساڵی ٢٠١٤، خەریک بوو ئیسپانیا و بەرشلۆنە و هەموو شتێک واز لێبهێنم و بڕۆم، چونکە دوای جامی جیهانی ٢٠١٤ هیچ هەستێکم بۆ یاریکردن نەمابوو، بەشی ئەوەش پارەم هەبوو بە خۆشی بژیم، بەڵام دوای ئەوەی قسەم لەگەڵ چەند ڕاهێنەرێک کردو بڕیارمدا بەردەوام بم، ڕەنگە هۆکاری ئەو بڕیارەم ئەوە بوبێت کە لە تەمەنێکی کەمدا هەموو شتێکم بەدەست هێنابوو.




## ـــــاڵ مەدريد بڵاودەکاتەوە

یانەی شاهانە یەک پەناڵتی بۆ هەژمار نەکراوە، بەگوێرەی ئامارەکانی رۆژنامەکە ریال مەدرید لە دوایین ١١ یاریدا واتە لە ٨ یاری خولی ئیسپانیا و ٢ یاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و یارییەکی سوپەر بەرانبەر سڤیلیا هیچ پەناڵتی بۆ هەژمار نەکراوە، ئەوەش رووداوێکی دەگمەنە بۆ ریاڵ مەدرید روویدا بێت، بەڵام پێکانی یاریزانانی ریال و هەڵەی ناوبژیوانان (BBC) کاریگەری لەسەر ئەو بابەتە هەبووە.

یانەی ریاڵ مەدرید لەم وەرزەدا هیچ دۆڕاندنێکی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و خولی ئیسپانیا نییەو شانبەشانی ئەتلەتیکۆ مەدرید پێشەنگی ریزبەندی لالیگا-یان گرتووە.




# داڤید لویز: لەم پێناوەدا گەڕامەوە چێڵسی

داڤید لویز بەرگریکاری یانەی چێلسی هۆکاری گەڕانەوەی بۆ پریمەرلیگ ئاشکرا دەکات. لە گواستنەوەیەکی چاوەڕووانەکراودا بەرگریکارە بەڕازیلییەکە لە کۆتارۆژی گواستنەوەی هاوینەدا پاریسی بەرەو لەندەن بەجێهێشت. سەبارەت بە هۆکاری گەڕانەوەی بۆ بلوز داڤید گوتی: زۆر بیری چێڵسیم دەکرد، چونکە لێرە زۆر دڵخۆش بووم پێش ئەوەی جێی بهێڵم، لە پاریسیش دڵخۆش بووم و ناسناوی زۆرمان بردەوە، بەڵام خۆم دەناسم و هەمیشە دەمەوێت ئامانجی نوێم هەبێت. بۆیە گەڕامەوە چێلسی و پریمەرلیگ باش دەناسم و تا ئێستا ناسناوەکەیم بەدەست نەهێناوە، ئەوەش یەکێکە لە ئامانجەکانی ژیانم. لویز بە سوودوەرگرتن لە پێکانی جۆن تێری، لەگەڵ گەڕانەوەی لە پێکهاتەی سەرەکی ئەنتۆنیۆ کۆنتی -دایە و ئاستێکی رازیکەر پێشکەش دەکات.



# برایەتی کەمـــپی مەشقی ناباتە دەرەوە

گرفتی دارایی سەرجەم یانەکانی کوردستان گرتۆتەوەو هەموویان لە هەوڵی ئەوەدان بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکیان دەستبکەوێت بۆ ئەوەی گرێبەستی یاریزانانی پێ دابین بکەن و یانەی برایەتی-یش ئەمساڵ بەنیاز بوو کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا بهێنێت و کەمپێکی مەشقی لە دەرەوەی شاری هەولێر ئەنجام بدات، بەڵام قەیرانی دارایی بۆتە گرفت بۆ یانەکە، بۆیە هەر لە نێوخۆی شارەکەدا مەشقەکانیان درێژە پێ دا، لەم بارەیەشەوە فاتیح حەمەخان راهێنەری یانەی برایەتی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە هۆی گرفتی دواکەوتنی پارە نەمانتوانی پلانەکانی خۆمان بەتەواوی جێبەجێ بکەین، چونکە بڕیار بوو چەند یاریزانێك بهێنین، بەڵام هەر لەبەر گرفتی پارە نەمانتوانی ئەم کارە بکەین و ژمارەیەکی یاریزانەکانیش چوونەتە یانەی دیکە، بەڵام ئامادەکارییەکانمان ماوەیەکی زۆرە دەست پێکردووەو بەهیوای ئەوەین بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین بەم یاریزانانەی خۆمان و هەموو یانەکانیش پارەی پێویستیان دەوێت، چونکە یاریزان پێویستی بە گرێبەستە، ئومێدی زۆرمان هەیە بە ئیدارەی یانەکەمان بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە داراییەمان بۆ چارەسەر بکەن و دەست بکەین بە ئامادەکاری پێوست بۆ ئەوەی مەشقێکی چڕتر بکەین.»

# نەورۆز لە ئامادەباشیدایە

یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی ئەمساڵ جیاواز لە سالانە و بە ستافێکی تازەی راهێنەرییەوە دەچێتە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە لە ٣ی مانگی داهاتوو یارییەکانی بە بەشداری ١٤ یانەی شارەکانی کوردستان دەستپێبکات، ئامادەکاریی یانەی نەورۆزیش ماوەی دوو مانگە بەردەوامە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنن. لە بارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەش دکتۆر یاسین عەبدولمەناف راهێنەری یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە مەشقێکی چڕمان ئەنجام داوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین و کەمپی مەشقیمان لە قەزای دوکان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی تیپەکە لە کەشێکی گونجاودا بن.»





# یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئامادەکاری تەواوی بۆ خولی کوردستان هەیە

هەرچەندە پێشووتر یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دەستپێکی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی دابوو کە لە ڕێکەوتی ٣-١١ی مانگی داهاتوو دەستپێبکات، بەڵام تاکو ئێستا یەکێتی ناوبراو هیچ پارەیەکی دەست نەکەوتووە بۆ بەڕێوەبردنی خولەکە، هاوکات یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سوورە لەسەر بەڕێوەبردنی خولەکەو هیچ گرفتێکی نییە. لەم بارەیەشەوە دڵشاد ساڵح ئەندامی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە هیچ گرفتێکمان نییەو خولی کوردستان لە کات و ساتی خۆی بەڕێوەدەچێت و یانەکانیش لە چاوەڕوانی ئەوەن خولەکە دەستپێبکات، بەڵام لە رووی پارەوە ئێمە تاکو ئێستا لە هەوڵەکانی خۆمان بەردەوامین بۆ دابینکردنی بڕە پارەیەك بۆ بەڕێوەچوونی خولەکە، چ لە ڕێگای حکومەتی هەرێم، چ لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە بێت، پەنا بەخوا کارەکانمان بە سەرکەوتوویی بە کۆتایی دێت و لە رووی ناوبژیوانیش هەمووی ئامادەن بۆ ناوبژیوانیکردن لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان.» جێگای ئاماژە پێکردنە خولی کوردستان بە بەشداری ١٤ یانە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکراون و یارییەکانی بەڕێوە دەچێت.

گوتیشی: «گۆڕانکاریمان لە پێکهاتەی یانەکەمان کردووەو چەند یاریزانێکیش تیپەکەیان جێهێشتووەو چەند یاریزانێکی تازە هاتوونەتە ریزی تیپەکەمان لەگەڵ یەك دوو یاریزانی کوردی وڵاتی سووریا لەگەڵ یاریزانەکانی تری خۆمان ماون، ئەمساڵیش زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن دینارمان بۆ گرێبەستی یاریزانانمان تەرخان کردووە، هەر یاریزانێکیش بەپێی ئاستی خۆی بڕی گرێبەستی بۆ دابین کراوە.

گوتیشی: «ئێمە ئەوهاش ناوەستین و دەمانەوێ ئەنجامی باش بەم لاوانەی شار بەدەست بهێنین و هیچ یاریزانێکی دەرەوەو پیشەگەریش ناهێنینە ریزی یانەکەمان، چونکە متمانەی تەواومان بە کوڕانی نەورۆز هەیە کە دەتوانن لە ئاست داواکانی ئێمەن بن لە خولی کوردستان.

